## محەمەد حەکیم – ئەندامی پەرلەمانی کوردستان  هەرگیز قبوڵی ناکەین لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا ناوی ئیسلام نەهێنرێت.

### دیمانە : ئاسۆ



پرسی گۆڕینی بەندی حەوت هەڵایەکی گەورەی ناوەتەوە لەنێو ناوەندی سیاسی و ڕاگەیاندندا، لەبەرامبەر کەمپینی گۆڕینی بەندی حەوت، ئیسلامییەکانیش دژە کەمپینیان بەرێخستووە، بۆئەو مەبەستە ئەم دیمانەیەمان سازدا لەگەڵ مامۆستا (محەمەد حەکیم) ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی.

ئاسۆ : گروپێك رۆشنبیر هەستاون بەکەمپینێك بۆ لابردنی بەندی حەوتی دەستوور، ئێوەش وەك پارتە ئیسلامییەکان دژی گۆڕینی ئەو بەندەن، ئەگەر بەندی حەوت گۆڕدراو لابرا چ کاردانەوەیەکتان دەبێت؟

محەمەد حەکیم: ئێمە وەك کۆمەڵی ئیسلامی دەستکاریی کردنی ئەو ماددەیە بەشتێکی باش نازانین و بەپێچەوانەی دەستووری عێراقی دەزانین کە هەموومان دەنگمان بۆداوە، مادەی 116 دەستوری عێراقیش رێگە بەهەرێمەکان نادات دەستوورێك دابڕێژن، پێچەوانەی ماددە بنەڕەتییەکانی دەستووری عێراق دەبێت.

لەکاتێکدا رێزو حورمەتمان هەیە بۆ هەرکەسێك کە پێچەوانەی دیدو بۆچوونی ئێمەیە، بەڵام ئێمەش هەموو هەوڵێکی خۆمان دەخەینە گەڕ تا گۆڕانکاریی لەو ماددەیەدا نەکرێت.

ئاسۆ: ئەگەر گریمان ئەو بەندە لابرا ئایا ئێوە بایکۆتی ڕاپرسییەکە دەکەن کە لەسەری دەکرێت؟

محەمەد حەکیم: جارێ یەکلا نەبۆتەوە ئایا ئەو ماددەیە چۆن دەگۆڕێت، پێموانییە بەخواستی ئەو کەمپینە ئەو ماددەیە گۆڕانی بەسەردا بێت، لەبەرئەوەی ئەوانەی داوای گۆڕینی ئەو ماددەیە دەکەن کەمینەن لەکوردستاندا، ئێمەش تەماشای گۆڕانکارییەکە دەکەین، هەرگیز قبوڵی ناکەین لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا ناوی ئیسلامی تێدا نەهێنرێت.

ئاسۆ: بۆچی ئێوە نیگەرانن کە دین لەدەوڵەت جیابێت، ئێستا لەوڵاتانی پێشکەوتوودا دین لەدەوڵەت جیایە و کێشەش بۆ خەڵکی موسڵمان دروست نەبووە؟

محەمەد حەکیم: لەئەوروپا عەلمانیەت بەسەر دینی مەسیحیەتدا فەرزکرا، بەڵام ئیسلام هیچ نوقسانێکی نییە تا ئێمە بێین بیردۆزێکی تری بەسەردا فەرزبکەین، ئەگەر ئیسلام وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، ئیسلام خۆی سیاسەت و ئابورییە، پێویست ناکات عەلمانییەت فەرزبکەین بەسەر میللەتێکی موسڵماندا.

خەڵکێك هەیە پێیانوایە ئازادیی نابێت ئەگەر ئیسلام حکومی کرد چونکە لە حیجابەوە دەست پێدەکات یان لەدەست بڕینەوە دەست پێدەکات، ئەوانە هیچ ئەسڵی نییە، ئەگەر ئیسلامێکی ڕاستەقینە حوکم بکات ئەوا دادپەروەر دەبێت هەرچەندە ئێمە داوای ئەوەشمان نەکردووە ئیسلام حاکم بێت ئێمە دەڵێین باهەڵبژاردن هەبێت بادەستاو دەستکردنی دەسەڵات هەبێت، بەڵام بۆ تۆ دەتەوێت ئەم هەرێمە هەرێمێکی عەلمانی بێت و باسی لادینی دەکەیت!؟.

ئاسۆ: ئایا پێتانوایە عەلمانی بوون بەمانای دژایەتیکردنی ئاین دێت؟

محەمەد حەکیم: بەڵێ، عەلمانییەتی ئەوروپا دژایەتیکردنی ئاینە، بەڵام دەکرێت عەلمانییەکانی ئێمە دەرس لە عەلمانییەکانی ئەوێ وەربگرن، ئەگەر بیروبۆچوونێکی تریشییان هەیە بەشێوەیەکی تر تەرحی بکەن.

ئاسۆ: ئایا ئێوە وەك کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ گۆڕینی سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیبن؟

محەمەد حەکیم: ئێمە لیستێکی شەش کەسین لەپەرلەمانی کوردستاندا، ئەگەر داوامان بکردایە چوار کەسی ترمان پێ پەیدادەکرا تاوەکو داوایەکی وابکەین، لەبەرئەوەی هەموو داواکردنێك بۆ گۆڕین یان خستنەڕووی پرۆژەیەك لەپەرلەمان دە کەسی دەوێت، بڕۆ لەپەرلەمان بپرسە بزانە ئێمە قەت داوای وامانکردووە کە سروودی ئەی ڕەقیب بگۆڕێت، بەڵام لەهەمان کاتدا تێبینی خۆشمان لەسەر ئەی ڕەقیب هەبووە، پێمانوایە ئەم سەردەمەی ئێستامان پێویستی بە سروودێکی نوێ هەیە یان هەندێ وشە هەیە لەسروودی ئەی ڕەقیبدا کە لەگەڵ ئاینی میللەتەکەمان ناگونجێت لێی لابرێت، دەکرێت ئەم سرووده تەعدیل بکرێت خۆ تیکستێکی قورئانی نییە گۆڕانی بەسەردا نەیەت، من بابەتێکیشم لەرۆژنامەی ئاوێنە لەوبارەوە بڵاو کردەوە کە وتوومە ئێستا کاتی ئەوەمان نییە بێین ململانێ لەسەر سروودی ئەی ڕەقیب بکەین.

ئاسۆ: پەرلەمانی کوردستان بە پەرلەمانێکی خەوتوو ناوبانگی دەرکردووە، ئەندام پەرلەمانەکان ئەوەندەی خەمی مەعاش و کۆشك و سەیارە و عەنعەنە و تەنتەنەی خۆیان هەیە، نیو هێندە لەغەمی میللەتدانین، من دەپرسم ئایا پەرلەمانتاران خۆشیان بەشێك نین لەگەندەڵی؟

محەمەد حەکیم: لەهەندێك شوێن کەمن بیستوومە پەرلەمانتار دەسەلأتی زۆر زیاترە، دەسەلأتی مادیی نا بەلأم دەسەلأتی مەعنەویی و بەدواداچوونی بۆ کێشەکانی خەڵك و گەیاندنی کێشەکانیانی هەیە.

لەهەندێك ولأت ئەندام پەرلەمان تا ملیۆنێك دۆلار دەسەلأتی هەیە بۆ دروستکردنی پرۆژە بۆ ئەو ناوچانەی کە دەنگیان پێداوە، ئەگەر بێمە سەر ئەو بابەتە، پێموایە هەر کەسێك ئەو باسە دەکات زۆر ئاگای لە ئەنزیمەی پەرلەمانی ولأتانی دەوروپشت نییە، خاڵی دووەم ئەو پەرلەمانەی ئێمە پەرلەمانێکە لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی نسبی هاتۆتە کایەوە، خەڵکەکە دەنگی بەفلأن و فیسار نەداوە بەڵکو حیزبەکان لیستی خۆیان داوە و ئەندام پەرلەمانەکانیان دەستنیشان کردووە.

بۆیە پەیڕەوی حیزب و ئیلتیزام بوون بەبڕیاری حیزب لەنێو پێکهاتەکانی پەرلەماندا کێشەیە.

ئاسۆ پێتوایە ماددەی 140 لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ دەکرێت؟ ئایا پارتی و یەکێتی دەتوانن سیاسەتێکی ورد بگرنە بەر بۆ گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تر بۆسەر هەرێمی کوردستان؟

محەمەد حەکیم: پێموانییە ماددەی 140 لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، ئەوە ڕاستییەکەو بەداخەوە واقیعێکە، لەبەرئەوەی دەبوو ئێستا بەپێی بەرنامەی مالکی، قۆناغی یەکەم کە تەتبیع کردنە جێبەجێ بکرایە کە تاوەکو ئێستا نەکراوە، ئەگەر شتێکیش کرابێت هەر لەناو کەرکوك بووە، خۆ مادەی 140 تەنیا بۆ کەرکوك نییە، بۆ دوزخورماتوو و خانەقین و مەخمورو چەندان ناوچەی ترە، بەلأم تا ئێستا لەو شوێنانە هیچ نەکراوە، ئێمە وەك لایەنە کوردییەکان فاشیل بوون تا ڕاددەیەك لەبەڕێوەبردن و کاکردن لەو ناوچانەدا.

بەلأم هەندێك هەنگاوی باشیش نراوە، بۆ نموونە چەندین گوند لەنێوان دوزخورماتوو و کەرکوك لەلایەن ئیدارەی سلێمانی ئەو کاتەوە هاولأتییەکانی کۆمەك کراون بە 3-4 هەزار دۆلار کە گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە، ئیدارەی هەولێریش بۆ ئاوارەکان هەنگاوی ناوە و هاوکاریی کردوون.

پێموایە ئەم مەسەلەیە لەسێ تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە، یەکەم خۆی هەندێك خەڵك هەیە ئاوارەنین و ناوی خۆیان بەئاوارە نووسیووە، خۆشمان شێوازی شارستانی ناگرینە بەر بۆ کەرکوك دووزو ئەو شارانە، ببینە ئێستا زەوی ئاڕ ئاڕ زۆر بەنخترە لەزەوی تاپۆ، ئێستا بێ هیچ شێوازێکی ئەندازەیی هەموو کەس بەگوریس زەوی داگیرکردووە، ئەوەش مامەڵەیەکی خراپە.

ئاسۆ پێتوانییە هەردوو حیزبی یەکێتی و پارتی دەستیان لەم کارانەدا هەیە؟

محەمەد حەکیم: پێموایە ناوچەو کۆمیتە حیزبییەکانی ئەو دوو حیزبە دەستیان لەو مەسەلەیەدا هەیە، دووهەم ئێمەش وەك حیزبەکان هەم کەمتەرخەم بووین و پلانێکی هاوبەشمان نەبووە. هەر حیزبێك بەقەبارەی خۆی تاوانبارە لەو بابەتەدا.

سێهەم، حکومەتی ناوەندیی لەم چەند ساڵەدا ئەوانیش فشاریان لەسەر بووە و فشاری عەرەبی شۆڤێنیان لەسەرە و فشاری حیزبەکانی خۆیان لەسەر کە ئەو ماددەیە جێبەجێ نەکرێت، لەبەرئەوەی بەجێبەجێکردنی ئەو ماددەیە کوردستان فراوانتر و دەوڵەمەندتر دەبێت، دیارە پێیان ناخۆشە ئەو مافە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکەی خۆی، ئەوانیش لەو بابەتەدا کەمتەرخەمییان نواندووە و عەمدەن هەنگاویان بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە نەناوە.